# كارلێكەری پەیامی هەڵمەتەكانی راگەیاندن لەنێو دەنگدەران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٨/٩/٣٠)

## توێژینەوەیەكی رووپێوییە، لە نێو جەماوەری شاری هەولێر، كەناڵی K٢٤ وەك نموونە


**ئاریانا ئیبراهیم محمد** زانكۆی صلاح الدین- كۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن
Aryana.mohmad@su.edu.krd

**شیلان یاسین خضر** زانكۆی صلاح الدین- كۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن
shelan.khidhir@su.edu.krd



**پوختە:**

لەبەرەبەیانی مێژووەوە مرۆڤ گرنگی پەیامی بانگەشەكردنی زانیوە، كە لەرێگای ئامرازەكانی پەیوەندییەوە، لەبەردەستدایە بۆ گەیشتن بەجەماوەر و متمانەپێهێنانیان. وتاربێژی و گفتوگۆی دوو قۆڵی ئاشكرا یان بە نووسین (گوتاری نوسراو) ئامرازی كۆنی بانگەشە كردنن، كە لە سیاقی بانگەشەی سیاسی و ئایینیدا بەكاربراوە. بۆیە ئێستا لەو سەردەمەدا بانگەشە بۆتە هەڵمەتی سەرەكی راگەیاندن و وەك چەمكێكی نوێ لە ئامرازەكانی راگەیاندن بەكاردێت. لە پێناو ئاگاداركردنەوەی جەماوەرو ئاراستەكردنی جەماوەر بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێكی دیاریكراو. لەسەرەتادا ئەم چەمكە لەسایەی تێكەڵبوونی راگەیاندن لەگەڵ بەشە مرۆیی و زانستییەكانی دیكەدا، لە زۆر بواردا دووبارە دەبۆوە، وەك هەڵمەتەكانی هۆشیاركردنەوەی تەندروستی، هەڵمەتی هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵایەتی، بەكارهێنانی مانای هەڵمەت لەبواری سیاسیدا لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا، لەكەش و هەوایەكی دیموكراسیدا...هتد. لەم سەردەمەدا هەڵمەتەكانی راگەیاندن بووە بە زانستێكی سەربەخۆ، بە توێژینەوە دەوڵەمەند دەكرێت و كتێبی لەسەر دەنوسرێت و بڵاودەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی رووپێوییە توێژەر ئامانجیەتی كاریگەری پەیامی هەڵمەتی راگەیاندن لەنێو دەنگدەران بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان (٢٠١٨/٩/٣٠) لەنێو جەماوەری شاری هەولێر بخاتەروو كەتیایدا K24 وەك نموونە وەرگیراوە. توێژینەوەكە لەسێ بەش پێكهاتووە: بەشی یەكەم: تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوە و چەمكەكان. بەشی دووەم: تایبەتە بە كارلێكەری و پەیامی هەڵمەتەكانی راگەیاندن. بەشی سێیەم: لایەنی پراكتیكی توێژینەوەكە لەخۆ دەگرێت. لە كۆتاییدا توێژەر پێشنیازی ئەوە دەكات لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوو پتر بایەخ بە پەیامی هەڵمەتی راگەیاندن بدەن و بەشێوازێكی زانستیانە پێشكەشی بكەن، چونكە پەیامی هەڵمەتی راگەیاندن زۆر كاریگەرە لەسەر دەنگدەر.


**كلیلە وشە:** كارلیكەری, هەڵمەتی راكەیاندن، هەڵمەتی هەڵبژاردن، دەنگدەر.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## پێشەکی :

ڕاگەیاندن بەمانا دروستیەکەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ڕاستییە بۆ خەڵکی، کە یارمەتی خەلک دەدەن بۆ دروستکردنی ڕای دروست لەسەر ڕووداوێک لە ڕووداوەکان، یان کێشەیەک لە کێشەکان ئەگەر ئەم پرۆسەی ڕاگەیاندنە ڕاستگۆیی تیادانەبوو نابێتە ڕاگەیاندن بەمانا ڕاستییەکەی، بەلکو دەبێتە چەواشەکردنی جەماوەر یان دەبێتە پیلانێکی ڕەش لە دژی ڕاگەیاندن و سەرلێشێواندنی جەماوەر. ڕاگەیاندن لە بنەچەی زمانەوانی، ئاگادارکردنەوەی ئەویترە، تا درک بە ڕاستی بکات. ئەگەرچی پێناسەی ڕاگەیاندن ناسراوە بە هەواڵ، بەڵام جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، هەواڵ تەنها گەیاندنی هەواڵە، هەواڵێکی دیاریکراو لەکاتێکدا ڕاگەیاندن لەمەش تێپەردەکات و زۆر گشتگیرە و لق و جۆری دیکەی لێبۆتەوە و هەریەکەشیان بوونەتە زانستێکی سەربەخۆ و ئەرک و فەرمانی تایبەت بەخۆیان هەیە. یەکێک لەو بابەتانەش هەڵمەتی ڕاگەیاندنە کە توێژینەوەکە تایبەتە بەو باسە، ئەم توێژینەوەیە (کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەنێو دەنگدەران لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨/٩/٣٠) توێژینەوەیەکی ڕوپێوییە، لە نێو جەماوەری شاری هەولێر، کەناڵی K٢٤ وەک نموونە ). لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوە و چەمکەکان. بەشی دووەم: تایبەتە بە کارلێکەری و پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن. بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت.

### بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە و چەمکەکانی

#### باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە دیاردەیەک کە پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، یان بابەتێکە ڕاو بۆچوون و ڕوانگەی جیاوازی لەسەر هەیە و پێویستی بە توێژینەوەیە. (الدليمي و عبدالقادر، ٢٠٠٨، ل ٢٦). کێشەی ئەم توێژینەوەیە (کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەنێو دەنگدەران لەهەرێمی کوردستاندا)، دەکرێت خۆی لە چەند پرسیارێکدا ببینێتەوە، کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە، ئەوانیش:

١- نەریتی بینەران بۆ بەرکەوتنیان بە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان چۆنە؟

٢- کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان چۆنە؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوە زانستییەکان لە کۆمەڵێک توخمەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە سروشتی ئەو گرفتەوە هەیە کە توێژینەوەکە لێی دەکۆڵێتەوە، هەندێکی دیکەیان بەو کۆمەڵگەیەی کە هەوڵدەدات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەی واتا ئەو گرفتەی، کە لە نێو کۆمەڵگەکە هەیە. (العبد، ٢٠٠٠، ل١٦٧). حزبە سیاسییەکان بۆ کارلێکردن لەگەڵ دەنگدەران، هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەکاردێنن، هەروەها ڕێگای زۆر و جیاوازی دیکە بەکاردێنن بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا و پەیامەکانیان چڕ دەکەنەوە، پشت بە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن دەبەستن، کە حزبە سیاسییەکان و کەسەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەکاریدێنن بۆ بڵاوکردنەوەی بەرنامە پێشنیارکراوەکان بە مەبەستی ڕازیکردنی چینی دەنگدەران.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵی بەجێگەیاندنی کۆمەڵە ئامانجێک دەدات، ئامانجە پەیوەندارەکان بە توێژینەوەکە هێمای سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، ئامانجی ئەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

توێژینەوەیەش: بریتییە لە زانینی کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەسەر دەنگدەران لەهەرێمی کوردستان، کەناڵی ئاسمانی K24 لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ٢٠١٨ ی پەرلەمانی کوردستان بەنمونە و پەیوەندی بەچەند بگۆڕێکەوە هەیە، وەک توخم و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن و تەمەن و ئینتمای حزبی و پیشە. توێژەر ئامانجی توێژینەوەکەی بەمشێوەیە دیاریکردوە:

١- زانینی کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان لەگەڵ جەماوەردا.

٢- زانینی پەیوەندی نێوان بابەتەکانی کەناڵی ئاسمانی K24 ی تایبەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەنگدەران.

٣- زانینی جیاوازی مەعنەوی لە وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بە گوێرەی بگۆری توخم و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن و تەمەن و ئینتمای حزبی و پیشە.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە:** بۆ هەموو توێژینەوەیەک گریمانەی روون و راستەوخۆ یان گریمانەی داڕێژراو هەیە، کە خۆی لە پرسیارەکانی توێژینەوەدا دەدۆزێتەوە، توێژەر هەوڵدەدات لە میانەی توێژینەوەکەی وەڵامی بەجێ بۆ شیکردنەوەی دیاردە ناروونەکان بدۆزێتەوە. (حسن، ٢٠١٠، ص٦).

لێرەوە توێژەر بۆئەوەی بگات بە ئامانجی توێژینەوەکەی چەندین گریمانەی خستۆتەڕوو بەمشێوەیە:

١-پەیوەندی دەلالەی ئاماری بە هێز لە نێوان بەرکەوتنی دەنگدەران و کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان هەیە.

٢- پەیوەندی دەلالەی ئاماری بە هێز لە نێوان پەیامەکانی بانگەشەی میدیایی و کارلێکی دەنگدەران هەیە.

٣- پەیوەندی ئاماری بەهێز لە نێوان ستراتیجیەتی بانگەشەی میدیایی لە هەڵبژاردنەکان و کارلێکی دەنگدەران هەیە.

٤- پەیوەندی ئاماری بەهێز لە نێوان کارلێکی دەنگدەران لە بانگەشەی میدیایی بەگوێرەی (توخم، تەمەن، ئاستی فێرکردن، دۆخی کۆمەڵایەتی) هەیە.

٥- پەیوەندی ئاماری بەهێز لە نێوان کارلێکی دەنگدەران لە بانگەشەی میدیایی بەگوێرەی (لایەنگیری حزبی، جۆری کارکردن، شوێنی کار) هەیە.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە – ڕووپێوییە بەئامانجی گەیشتن بە داتاکان، کە دەتوانرێ پۆلێن بکرێت لێکبدرێتەوەو گشتاندنی بۆ بکرێت. بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دەرهاویشتانەی پەیوەندی بە سروشتی دیاردەکان هەڵوێست و ڕایەکانەوە هەیە لەلایەنی چۆنیەتی و جۆری پەیوەندییەکانیانەوە. سەرەرای هۆکارە کاریگەرەکان بۆیە ئەم لێکۆلینەوەیە پشتی پێدەبەسترێت. ئەم توێژینەوەیە مەنهەجی وەسفی بەکارهێناوە، چونکە مەنهەجێکی گونجاوە بۆ مەبەست و سروشتی ئەم توێژینەوەیە،

**شەشەم: ئامرازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو:** ئەو ئامرازانەی لەم توێژینەوەیە بەکارهێنراوە بریتییە لەمانە:

١- فۆرمی ڕاپرسی: فۆرمی ڕاپرسی وەکو ئامرازێکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، گونجاوترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە زانیاری ورد و ڕاست لەبارەی بابەتەکەوە.

٢-سیستەمی کۆمپیوتەری: سیستەمی کۆمپیوتەر بەرەو پێشچونێکی خێراو گرنگی لە خۆ گرتووە، لە چوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە، زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش سودیان لێوەرگرتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و گۆرینیان بۆ شێوەی داتا. لەگەڵ بەکارهێنانی و هێلکاری نیشاندراو بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**حەوتەم: چەمک و مەبەستی توێژەر لەم چەمکانە کە لەم توێژینەوەیە بەکاریهێناوە:** لەم باسەدا توێژەر هەوڵیدا بە پێی ناونیشان و ئامانجەکانی توێژینەوەکە چەند چەمکێکی زانستی و زاراوەی تیۆری و کارراییی بخاتەڕوو بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان بەپێی پێویستییەکانی توێژینەوەکە و پێویستی مەنهەجی لەوانەش:

– **چەمکی کارلێکەری:** تێگەیشتنێکە بۆ دەلالەت داهێنراوە لەسەر شێوەیەکی تایبەتی لە پەیوەندی، لەنێوان تیڤی و بینەردا، کارلێکەری مەبەستی گۆرینی بینەری تێڕوانین نەرێنییە بۆ بینەرێکی تێڕوانین ئەرێنی و کاریگەر و چالاک بەشێوەیەک کار لەسەر بەرنامەکان بکات، بەڵام وایلێهات ممارەسەکردن (کار پێکردنی دووبارە) لەسەر هەموو جۆرە بەشدارییەک، کە نامەی (پەیامی) راگەیاندنەکان وەربگرێت بە کارلێکەری دابنرێت. (لعیاچی، ١٩٩٨، ص:١٠٩).

–**پەیام**: رەگەزێکی گرنگە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن، بە بنەمای سەرەکی پرۆسەکە دادەنرێت، بریتیە لە بیرۆکە و را، بە مەبەستی گەیاندنی بە جەماوەری مەبەستدار، سەرکەوتنی پەیامەکەش لەمیانەی هەلسوکەوتی وەرگرەوە دەردەکەوێت، وەرگر لە بابەتی راگەیاندنەکە دەریدەخات. بۆیە پەیام گرنگە لە راگەیاندن. (البکری، ص ٨٨).

**هەڵمەتی راگەیاندن:** لە فەرهەنگی راگەیاندندا جەمال عەبدول سەبارەت بە هەڵمەتی راگەیاندن دەڵێ: چەمکی هەڵمەت هەوڵێکی چرو پرە و بەشێوەیەکی کاتی پەخشی بەردەوامە لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن و بەدواداچوونی بابەتێکی دیاریکراو یان هەوڵی بەردەوامە بۆ هێنانەدی ئامانجێک، دەشێ هەڵمەتەکە لەگەڵ شتێک یان دژی شتێکی دیاریکراوبێت. (عەبدول، ٢٠٠٦، ل ٩٦).

**هەڵمەتی هەڵبژاردن:** مەبەستی رەواج پێدانی سیاسیە بۆ حزبێک لە حزبەکان یان بۆ پاڵێوراوێک یان بۆ گۆرینی ئایدیۆلۆژی و رازیکردنی دەنگدەرانی لە ژینگە دیموکراتییەکاندا، ئەم هەڵمەتانە چاکترین نمونەن، کە دەتوانرێ لێکۆڵینەوەی ئەوە بکرێ تا چەند کاریگەرن بە تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنی نوێی سەردەمیانە و تا چەند کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵگا Bimber & Davis)،(٢٠٠٣:١٣.

**دەنگدەر:** هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لەسەرووی هەژدەساڵییەوەیە و هەڵگری رەگەزنامەن و دەتوانن دەنگبدەن و رای خۆیان ئازادانە دەرببرن.

**هەرێمی کوردستان:** مەبەست لە هەرێمی کوردستان، باشوری کوردستانی گەورەیە، ساڵی ١٩٩١ لە راپەرینێکی جەماوەریدا بە پشتیوانی حیزبە شۆرشگێرەکانی و خەباتی دەیان ساڵەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە دەستی رژێمی بەعس ئازاد کرا، سنوری هەرێمی کوردستان، لە باکورەوە لەگەڵ تورکیادا (باکوری کوردستان)، هاوبەشە، لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتی ئێران (رۆژهەڵاتی کوردستان) هاوسنورە، لە رۆژئاواوە، هەرێمی کوردستان سنورێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ وڵاتی سوریادا (رۆژئاوای کوردستان)، هەرچی پەیوەستە بە سنوری باشور و باشوری رۆژئاوای هەرێم، دەکەوێتە ناو خاکی عیراقەوە لە هەموویان ئاڵۆزترە و لەرووی سیاسی و نێو دەوڵەتیەوە بە فەرمی دیاری نەکراوەو دەکەوێتە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی تایبەت بە (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم). (محەمەد، ٢٠١١، ل ٢٠– ٢٢).

**باسی دووەم: تیۆری توێژینەوە و شیکردنەوەی: تیۆری گێژە لۆکەی بێدەنگی (دوامە الصمت)**

أ– سەرهەڵدانی تیۆرەکە و پێشکەوتنی:

تیۆری گێژە لۆکەی بێدەنگی بەیەکێک لە نموونەکانی کاریگەری مەودا درێژ لەسەر کۆمەڵگا و تاکە رۆشنبیرەکانی دادەنرێت، رەگەکەی دەگەرێتەوە بۆ بیرۆکەکانی توێژەری ئەڵمانی "ئە لیزابیپ نوال نیومان"، کە لەمیانەی کتێبەکەیەوە ساڵی ١٩٨٠ بەناوی " گێژە لۆکەی بێدەنگی رای گشتی" ناساندوویەتی، یان پێی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەوترێت " لەولەبی بێدەنگی"، بەر لەوەش نیومان ساڵی ١٩٧٤ وەسفی گێژەلۆکەی بێدەنگی کردووە و داوای گەڕانەوەی هێزی کردووە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. نیومان پێیوایە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری بەهێزیان هەیە لەسەر ڕای گشتی، بەڵام لە ڕابوردوودا لەو کاریگەرییە کەمکراوەتەوە، بەهۆی کۆت و بەندی مەنهەجیەت لە توێژینەوە ڕاگەیاندنەکاندا. بۆیە داوای گرنگی ئەنجامدانی توێژینەوەی درێژخایەنی کردووە، بیرۆکە سەرەکییەکەش لەسەر ئەوە دامەزراوە، کەوا تاکی کۆمەڵگا کارلێکەری هەیە لەگەڵ ژینگەی ڕای گشتیدا، بۆیە تاک ئارەزووی دەربرینی ڕای خۆی دەکات بەگوێرەی ڕای گشتی باو لەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی. (فهمی، ١٩٩٩، ص٢٣٤)

نویل(Noelle-Neumann،٤٣: ١٩٩٣) داوای ئەوەی کردووە تیڤی ببێتە ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی جەماوەری بەهۆی کاریگەرییەکەی لەسەر جەماوەری وەرکر و دواتریش دروستکردن و پێکهێنانی ڕای گشتی. جەخت لەوەش دەکاتەوە ئامرازی ڕاگەیاندن، ڕایەکان تەبەنی دەکات یان چەند ئاراستەیەکی دیاریکراو تەبەنی دەکات لەماوەیەکی دیاریکراودا ئینجا بەشی زۆری جەماوەر بەرەو ئەو ئاراستەیە دەجوڵێ، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشتی دەگرن، چونکە هێز و کاریگەریان هەیە لەسەر جەماوەر، دواتریش ڕای گشتی پێکدێنن بەشێوەیەک لە زۆر کاتدا بگونجێ لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی کە ئامرازی ڕاگەیاندن پشتگیری دەکات بە تایبەتی تیڤی (Taylor،١٩٨٢:٣١١).

**ب – گریمانەکانی تیۆری (دوامه الصمت):** ئەم تیۆرە پشت بە گریمانەی سەرەکی دەبەستێت، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە، کاتێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشتگیری لە ڕایەک دەکەن یان هەندێ ئاراستەی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەوا زۆربەی تاکەکان (جەماوەر) بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆن، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشتیوانی دەکەن. دواتریش ڕای گشتی دروست دەبێت، کە دەگونجێ لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشتی دەگرن. بەڵام نیومان "تیۆری بێدەنگی بەو وتەیە دەچەسپێنێ" زۆربەی خەڵکی لە تەنیایی دەترسن، ئەم ترسە وایان لێدەکات شوێنی زۆرینە بکەوێت بۆ ئەوەی تێکەڵیان بێت، گەرچی ئەوە لەسەر حیسابی دەرنەبڕین و شاردنەوەی ڕاو بۆچوونیش بووە، کە ڕەنگە لەگەڵ زۆرینەکەدا جیاوازبێت (Chen، Matthes ; ٢٠١١ :٩٠ ، Morrison & Schemer، ٢٠١٠:٧٧٤) .

**تیۆری گێژەلۆکەی بێدەنگی لەسەر دوو کۆڵەکە بەندە:** Noelle-Neumann ، ( ١٩٩١:٢٥٨ ).

١. تاکەکان ئەوانەی خۆیان دەبینن، پشتگوێ دەخەن، ڕایەکانیش لە کۆمەڵگاوە پشتگیری دەکرێن لە پێناوی ئەوەی ڕێزی ئەوانی دیکە بە دەست بهێنن.

٢. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ چوونی ڕای باو و دەسەڵاتدار و زاڵ بەسەر ڕای گشتیدا بڵاو دەکەنەوە و پشتگیری دەکەن.

**ت – بنەماکانی تیۆری لەولەبی بێدەنگی، یاخود ناوەڕۆکی تیۆرەکە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی:** ئەو بنەمایەی، کە تیۆری لەولەبی بێدەنگی لەسەر بنیات نراوە، ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەرییە. بیرۆکەی سەرەکی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، ئەو پێشەوە چوونەی تۆری جیهانی ئینتەرنێت و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی بەخۆیانەوە بینی خەسڵەتەکانی تیۆرەکەی شاردەوە. سەرەڕای ئەوەی پیادەکردنی ئەم تیۆرە لەسەر ئالیات و پیادەکردنەکانی ئینتەرنێت کەوتۆتە ژێر مەرجی دیاریکراوەوە. چونکە ئەو کەش و هەوایەی کە ڕایەکانی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی بونەتەوە لەوانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی پێشوو جیاوازن Liu& fahmy،٢٠١١،(٤٥) تیۆرەکە لە هەموو ناوەڕۆکەکان و پێکهاتەکانی ئامرازی ڕاگەیاندنی تەقلیدی پێکهاتووە. لەگەڵ دەق و وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ، سەرەڕای شێوەی تازەی دیکە، کە سایتەکانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پەیوەندی کۆمەڵایەتی فەراهەمی کردووە. دیارترین سیفەت کە خراوەتە سەر جیهانی پەیوەندییەوە کارلێکەری کتوپڕو جەماوەرییە.

**پ – کاریگەرییە پەیوەستەکانی تیۆرەکە بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:** بەگوێرەی ئەو تیۆرە: تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرجار ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەیخەنەڕوو هاوزەمان پەیرەوی دەکەن و پێیانوایە تەنیا ئەمە ڕاستییە، تاکەکانی نێو ئەو جەماوەرە مەیلیان بۆ ڕای زۆرینەیە تەنانەت گەر لە ناخ و ناوەوەیاندا ناکۆک بن لەگەڵیاندا، ئەمەش لە ترسی زۆرینەیە و خۆ بەدوور گرتنە لە ململانێ لەگەڵ زۆرینە. زۆرجار ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پاڵپشتکردنی ڕای زۆرینەیە، ئینجا ئەوانیدیکەی کەمینەی ناکۆک لەگەڵ زۆرینە (گەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت) بێدەنگ دەبن، ڕای کەمینەش ئەو کاتە قووت دەبێتەوە کاتێک هەڵو مەرجەکە گۆڕاو ڕای کەمینە بوو بە ڕای باو لە گشت بوارەکاندا لەنێو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. (حەوێزی، ٢٠١٢، ل٢٤).

**توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ هەڵبژاردنێکی ڕاست و دروستی توێژینەوەکەی بۆ ئەوەی تووشی دووبارە بوونەوەی کێشەکانی ڕابردوو نەبێت، توێژەر دەتوانێت خۆی بپارێزێت لەو هەڵانەی کە پێشتر توێژەرەکانی دیکە کردویانە. (الجمال، ١٩٩٩، ص ١٤٣). (شحاتە، ١٩٩٢، ص٧٢).

**یەکەم: توێژینەوەی کوردستانی:**

**توێژینەوەی فۆاد علی احمد : ڕۆڵی ئامراز و شێوازەکانی پەیوەندیکردن لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، (هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ٢٠١٨ /٥/١٢ وەک نمونە).**

ئەم توێژینەوەیە گرنگە، چونکە هەڵساوە بەخستنەڕووی ئامراز و شێوازی پەیوەندیکردن کە پەیامی سیاسی لایەنە جیاجیاکان، دەگوازنەوە ( ئەوانەی بەشداری پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنیان کردووە)، وە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەگونجێت.جۆری توێژینەوەکە میتۆدی وەسفییە و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتووە، ڕای پەنجا مامۆستای زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن (٢٠١٨/٥/١٢)، پاشان توێژەر گەیشتە دەرئەنجامی ئەوەی کە تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی میدیا باشترین سەرچاوەی زانیارییە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن. مێزگردە سیاسییەکانی هەڵبژاردن لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا کاریگەری لەسەر دەنگدەر هەیە. سۆشیال میدیا (فەیسبووک و یوتیوب و تویتەر) لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بۆ سەر دەنگدەران کاریگەری زۆر بەهێزی هەیە. ڕۆڵی پارتە سیاسییەکانیش لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بۆ سەر دەنگدەران خراوەتەڕوو.

**دووەم: توێژینەوەی عیراقی:**

توێژینەوەی محسن عبود کشکول (٢٠١٢) بەناونیشانی: (شێوازەکانی بانگەشەی ڕازیکردن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا). توێژەر لەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی بۆ ڕۆژنامەکانی (الاتحاد، بغداد، البیان، دار السلام) لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بەکارهێناوە، بە گرتنەبەری شێوازی گەمارۆدانی گشتی (الحصر الشامل) ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر شێوازەکانی ڕازیکردنی جەماوەرو باوەڕپێهێنانیان دەکات بۆ دەنگدان بەحیزبی مەبەستدار بە پشت بە ستن بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا. لە کۆتاییشدا توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامەی کە هیچ حیزبێک بە شێوازێکی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

زانستیانه بانگەشەی هەڵبژاردن ناكات، بەڵكو ئەو شێوازەی كە دەكرێت شێوازێكی هەرەمەكییە و هیچ حیزبێك لەو حیزبانەی بانگەشە دەكەن دڵنیا نییە لەوەی كە بانگەشەكەیان كاریگەری هەبوو لەسەر دەنگدەر یان نا؟ بۆ دڵنیابوونیش هیچ یەكێكیان شێوازی وردبینیان نەگرتۆتە بەر و لێكۆڵینەوەی بارو دۆخەكەیان نەكردووە. هەموو حیزبەكان لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان هەست و سۆزی دەنگدەرانیان بۆ لای خۆیان راكێشاوە، لەبری كاركردن لەسەر بیرو هۆشیان. لەكاتی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەكاندا پەنا بۆ ناوزراندن و شكاندنەوە و تۆمەت هەڵبەستن براوە، بەجۆرێك لەگەڵ شێوازی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردن یەكناگرێتەوە.

**سێیەم: توێژینەوەی عەرەبی:**

توێژینەوەی احمد علی محمد عریقات (٢٠٠٨) لەبارەی رۆڵی تەلەفزیۆنی ئەردەنی لە هۆشیاركردنەوەی گەنجان لەسەر وەختی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠٠٧: ئەم توێژینەوەیە وەسفییە و پشتی بەمیتۆدی روپێوی كۆمەڵایەتی بەستووە. نموونەی توێژینەوەكەی (٦٠٠) كەسە لە گەنجانی ئوردنی، كە دابەشی سەر (١٢) پارێزگا كراوەو تەمەنی تاكەكان لەنێوان (١٨-٣٠)ساڵیدایە و بەشێوەی نموونەی مەبەستدار دەستنیشانكراون و تەنها ئەو تاكانە وەرگیراون، كە بەپێی یاسا مافی بەشداریكردنیان لە هەڵبژاردنەكاندا هەیە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، توێژەر پشتی بە فۆرمی راپرسی بەستووە. ئەم توێژینەوەیە تەنها لەسەر كەناڵی فەرمی ئوردنی ئەنجامدراوە. ئامانجی بووە بزانێت: تا چ ئاستێك گەنجانی ئوردنی سەیری تەلەفزیۆن دەكەن؟ لە كۆتاییدا بۆ توێژەر دەركەوتووە كەوا: رێژەیەكی گونجاو لە گەنجانی ئوردنی سەیری تەلەفزیۆن دەكەن ئەویش بەرێژەی ٨٣%ی بەشداربووانی توێژینەوەكە.

**چوارەم: توێژینەوەی بیانی: كاریگەری لایەنگیری میدیا: چۆن سەر وتار كار لە دەنگدەران دەكات**
(the impact of media bias: how editorial slant affects voters)

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە لایەن دوو لێكۆڵەری ئەمریكی بە ناوەكانی ( parkin – druckman) ئەنجامدراوە لەبارەی كاریگەری لایەنگیری میدیا وە چۆن سەروتار كار لە دەنگدەران دەكات بە ئامانجی دۆزینەوەی كاریگەری ئەو بنەما و بابەتانەی كەلە رۆژنامەكان جەختی لەسەر كراوەتەوە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی بەربژێر لەلایەن دەنگدەر.

هەروەها لە توێژینەوەكەدا باس لە كاریگەری دابەشكردنی رۆماڵی رۆژنامەوانی دەكرێت وەبەشێوەیەكی ناراستەوخۆ قسە لەسەر هەڵمەتەكانی دەنگدان و بریارەكانی پێشوەختی دەنگدەران لەسەر هەڵبژاردنەكان دەكرێت.

لەكۆتاییدا تۆێژەران دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی كە دابەشكردنی سەروتار رووبەرووی چەندین قۆناغی ئاستەنگی دەبێتەوە، لەوانەش پێویستی كۆنترۆڵكردنی هەواڵی رووداوەكان و ئەو كەش و هەوایەی كە رووداوەكەی تێدا بڵاودەكرێتەوە، سەرەرای چەندین بەرەنگاربوونەوەی دیكە كە بەهۆی پێوانەكاری و وەڵامدانەوەی دەنگدەر دێنە كایەوە. بۆ رووبەروو بوونەوەی ئەو ئاستەنگانەش بەرای توێژەران دەبێت دابەشكاری سەروتارێكی تایبەتكراو بە یەك رووداو لە بازارێكی نیمچە هاوبەشدا جەختی لەسەر بكرێتەوە،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وە بە بڕوای ئەوان بەڵگە و دابەشکاری سەروتاری پەیوەست بە ڕووداوەکان دەکرێت کاریگەریان لەسەر دەنگدەر هەبێت.

## بەشی دووەم: کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن:

### باسی یەکەم: کارلێکەری پەیام

#### یەکەم: سیما و تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی کارلێکەری:

وشەی کارلێکەری، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە دوو برگە پێکهاتووە، لە وشەی (INTER) مانای نێوان یان ئەوەی لە نێوان دایە، لە وشەی ACTVITUS بەواتای پەیرەو کردن لەبەرامبەر تیۆرەکەدا بۆیە کاتێک چەمکی کارلێکەری وەردەگیرێت لە لاتینیەوە ماناکەی دەبێتە پراکتیزە کردن لەنێوان دوواندا یان ئالۆگۆرکردن و کارلێککردن لەنێوان دوو کەسدا، لێرەوە تێدەگەین مانای کارلێکەری لە ئالوگۆرکردن و کارلێکردندایە، کە لە نێوانی پەیوەندیکردنەوە ئەنجامدەدرێت لەنێوان دوو کەسدا، یانی کردارێکی پەیوەندی کۆنە، بەڵام مانای کارلێکەری لە بەکارهێنانەکانیدا بە ئاماژەکردن بۆ کەرەستە جیاوازەکان ئەوا دەبێتە شتێکی تارادەیەک نوێ وە لە ئەنجامی پەیوەندییەکانەوە لەنێوان خەڵک و ئامرازەکاندا پەیدادەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا شێوەی کارلێکەری پشت بەجۆری ئامراز و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە و چۆنیەتی دیزاینی بەرنامەکان دەبەستێت. مادام وایە کارلێکەری بەگوێرەی ئامرازەکان دەگۆڕێت بۆ نموونە کارلێکەری لەئێزگەدا هەمان کارلێکەری نیە لە ستۆدیۆی تیڤی. (کافی، ٢٠١٦، ص:٤٧-٤٩).

guhoa wu دەڵێت: بەر لە پەیدایوونی (ویب) کارلێکەری ناسراو بوو بەڵام بەپەیدابوونی (ویب) دەرفەتی زیاتر بۆ کارلێکەری ڕەخسا، لەناوەڕاستی هەشتایەکانەوە، **تویژەران سێ شێوەی کارلێکەریان لەیەک جیاکردەوە کە (wu) لەم خاڵانە ئەو جیاوازییانە دەردەخات.**

- کارلێکەری لەنێوان بەکارهێنان و نامەدا، بەپێی ئەو تێروانینە کارلێکەری کۆنە، بەقەد کۆنی پەیوەندیکردنی خۆی.
- کارلێکەری لەنێوان بەکارهێنەرو ئامێردا ئەمە تێروانینێکی پێشکەوتووە پەیوەستە بە ئامێرەکانی پەیوەندییەوە، وەکو تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر.
- کارلێکەری لەنێوان نێرەر و لە نێوان وەرگردا . (wu، ٢٠٠٥)

#### دووەم: ئەرێنی و نەرێنییەکانی پەیوەندی کارلێکەری:

McTigue،(٢٠١٣ ) سێ خاڵ دەستیشان دەکات، وایدەبینێت ئەرێنین، ناوەرۆکی کارلێکەری دینامیکی لە ناوەرۆکە ستاتیکیە نەگۆڕەکان جیادەکاتەوە، وەکو"ویب سایت" Poirier،(٢٠١٥ ) (McTigue،٢٠١٣ ).کە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

١- ناوەرۆکی کارلێکەری توانایەکی زۆری هەیە بۆ گۆران و ڕازی بوون بە نوێخواززی، کە بەردەوام لە نوێکردنەوەدا دەبێت.

٢- هەرزانی ئامادەکردنەکەی، پیادە کردنی ناوەرۆکە کارلێکەرییەکان وەکو تۆمارەکان یان تۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە پارەیەکی کەمی تێدەچێ هەڵبژاردەشی زۆرە بۆ دیزاین و کاتیش زۆر نابات.

٣- هەر جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ناوەرۆکی کارلێکەری پەرە پێبدات، لەڕێگای بەشداریکردن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## باسی دووەم: کارلێکەری پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن:

**یەکەم: چەمکی هەڵمەتی ڕاگەیاندن:** هەڵمەتی ڕاگەیاندن مانایەکی نوێی هەیە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردێت لەپێناو ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی دیاریکراو لەسەرەتادا ئەم مانایە لە زۆر بواردا دووبارە دەبۆوە. لەسایەی تێکەڵبوونی ڕاگەیاندن لەگەڵ بەشە مرۆیی و زانستییەکانی دیکەدا، هەڵمەتەکانی وشیارکردنەوەی تەندروستی و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی مانای هەڵمەت لەبواری سیاسیدا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیدا دەبینین. (العبید، ٢٠١٥)

غوران هدبرو hidbrow پێناسەی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی کردووە بەوەی کە بریتییە لە: (چالاکییەکی چر و پر، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، لەگەڵ بابەتێکی دیاریکراودا هەڵس و کەوت دەکات و کۆمەڵێک ئامراز بەکاردێنێت، ئەم پێناسەیە گەلێک چالاکی پەیوەندی پشتگوێ دەخات کە هەڵمەتەکە مەبەستییەتی: لەوانەش: (الجوهر، ١٩٩١، ص:٧٠). أ-سەرچاوە (ئەوەی بە هەڵمەتەکە هەڵدەستێت). ب- جەماوەری مەبەستدار لە هەڵمەتەکە. ج- ئامانجەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن.

**دووەم: جۆرەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن** : (الغزاوی، ٢٠١٣). (عەبدول، ٢٠٠٦، ل ٩٦ ). (دلیمی، ص ٥٤).

(د. مهند الغزاوی) لە چەند جۆرێکی هەڵمەتەکان دەدوێت وا دیارە ئەم پۆلێنکردنەی بەپێی ئەرکی هەڵمەتەکە کردووە، لەوانەش:

**هەڵمەتی ڕێکلامکاری:** ADVERTISING CAMPAIGN: جەمال عەبدول لە فەرهەنگی ڕاگەیاندندا دەڵێت هەڵمەتی جاردان چالاکییەکی چروپری بانگەشەییە، لێکۆڵینەوەیەک دەکات بۆ بانگەشەی بەرهەم و بیرۆکەکانی لەماوەیەکی دیاریکراودا و لەچەندین ئامرازی ڕاگەیاندنەوە لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی جۆرەها هونەری ڕازیکردن لە پێشکەشکردنی ئەم جاردانە.

**هەڵمەتی هوشیارکردنەوە:** جۆرە هەڵمەتێکە بەمەبەستی دروستکردنی هۆشیاری لە مەترسییەکانی هەرەشە جیاوازو جۆراوجۆرەکان لەلای جەماوەر .

**هەڵمەتی زانیاریدان:** زانیارییەکان گشتییە، هەوڵدەدات جەماوەر بزانێت و دەرک بە ڕووداوەکە بکات، هەندێ زانیاری گشتی پێدەدات، وەک ڕای گشتی و کێشەی کۆمەڵایەتی .

**هەڵمەتی پەروەردەیی:** هەڵمەتێکە بۆ فێرکردن.

**هەڵمەتی چاکردنەوەی ڕەوشت:** ئەمە هەڵمەتێکی گران و ئاڵۆزە چونکی هەوڵی گۆرینی ڕەوشت و ئاراستەکان دەدات لەلای تاک.

**هەڵمەتی تەندروستی:** بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی وەکو هەڵمەتەکانی وەزارەتی تەندروستی. (member & davis،٢٠٠٣ )

**هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان** ئەم جۆرە هەڵمەتە زنجیرەیی تەواوکارییە، بەر لە هەڵبژاردن جەخت لەسەر گەیاندنی نامەی سیاسی بۆ پاڵێوراوان دەکات.

**هەڵمەتی شەری پرۆپاگەندەییەیی:** ئەم هەڵمەتە لە کاتی شەرەکان و ناکۆکییەکاندا بەکاردێت ڕوو لە کۆمەڵگاکانی دەکات بۆ کارلێکردن لەسەر ورەیان و خۆ بەدەستەوەدانی لایەنی بەرامبەر .

**هەڵمەتی دژە پرۆپاگەندە:** ئەم جۆرە بۆ چارەسەرکردنی هەڵمەتەکانی دژی پرۆپاگەندە دەکرێت، بۆ دروست کردنی حاڵەتێکی هاوسەنگ لەرووی فکری و هزری و زانیاری و دەروونیەوە بۆ خۆپاراستن لە دژی پروپاگەندە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**هەڵمەتی ڕاگەیاندنی سەربازی:** ئەم جۆرە بەکاردێت بۆ خۆپاراستن لە هێزی دەرەکی وە چاندنی بروا (پەیداکردنی بروا) بەرامبەر هێزی چەکداری وە لە لایەکی دیکەوە هەڵمەتی ڕوماڵکردنی شەرە.
**هەڵمەتی ڕاگەیاندنی تایبەت:** ئەم هەڵمەتە کۆمەڵ و تاکیش پێی هەڵدەستن بە چەند مەبەستێکی جیاواز (الغزاوی، ٢٠١٣).

**سێیەم: ئامانجەکانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن:** هەلمَەتەکانی ڕاگەیاندن ئامانج و ئەرکی دیاریکراوی خۆیان هەیە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات، (زویلف، القگامین، ١٩٩٤، ص٩٢). ئامانجی هەلمَەتەکانی ڕاگەیاندن دەگۆڕێت بەگۆرینی ئەو بوارەی کە هەلمَەتەکەی تیادا ڕێکدەخرێت، وەک: ئەو هەلمَەتە ڕاگەیاندنانەی کەمەبەستی ناساندنی کاڵایەکە، یان هەلمَەتەکانی ڕاگەیاندنی سیاسی و پشتگیری نێو دەوڵەتی و هەرێمایەتی (الدلیمی، ١٩٩٨، ص ١١٤).

**بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە:**

**باسی یەکەم :**

**یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوە:** لە هەر توێژینەوەیەک توێژەر دەبێت دەستنیشانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بکات، تاکو چوارچێوەی کاری توێژینەوەکەی دیار بێت، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش کەناڵی ئاسمانی K٢٤.
**دووەم : نموونەی توێژینەوە: نموونە** بەوە پێناسە دەکرێت کەوا: بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەسەر بکات بە ڕێگایەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێ بەشێوەیەک هیچ جیاوازی لەم هەڵبژاردنانە نابێت، وە دەکرێ ببێتە سامپڵێکی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵگایەی کە نوێنەرایەتی دەکات (مبارک، ١٩٩٢، ل٤٢). ئامانجی هەموو توێژەرێک گەیشتنە بە راستییەکان لەو کۆمەڵگایەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکات، ئەمەش لەرێگەی دەستنیشانکردنی گروپێک کە نوێنەرایەتی ئەو راستییانەی کۆمەڵگاکە بکات، ئەمە ناودەبرێت بە نموونەی توێژینەوە. (المغربی، ٢٠٠٦، ص١٣٩).
نموونەی ناهەرەمەکی پشکدار لەم تێزە بەکارهاتووە، کە لە لێکۆڵینەوە (بەسەرکردنەوەییەکان) بۆ پێوانەکردنی رای گشتی بەکاردێت، لەو جۆرەدا توێژەر بەپێی کۆمەڵە خەسڵەتێکی دیاریکراوی وەک (رەگەز، تەمەن، شوێنی نیشتەجێ بوون، پیشە و شوێنی جوگرافی) نموونەی توێژینەوەکەی بۆ چەند چینێک دابەش دەکات، بەشێوەیەک بۆ هەر توێژێکی سەرەکی کۆمەڵگە پشکێک لە نموونەکان تەرخان دەکرێت. بەڵام لێرە توێژەر ئازادە چ تەمەنێکی توێژەکان بۆ ڕووپێوەکە تەرخان دەکات، بەو مەرجەی رەچاوی جیاوازی تەمەن و شوێنی دانیشتن و باری ئابووی و...هتد تاکەکان بکات.
توێژەر لێرەدا بە پێی دەستنیشانکردنی ئاستی ئابوری کۆمەلایەتی سێ لە گەرەکەکانی شاری هەولێری وەرگرتووە، کە بریتین لە گەرەکەکانی (وەزیران، زانکۆ، سەیداوە). ٤٥٠ فۆرمم دابەشکردووە و لەهەر گەرەکێک سەدو بەنجا فۆرم.
کەنالی کوردستان بیست و چوار کۆمەلگاکەیەو بابەتەکانی تایبەت بە هەلبژاردن سامپلی توێژینەوەکەیە
**سێیەم: بوارەکانی توێژینەوە:** دیاریکردنی سنوری توێژینەوە، یەکێکە لە کارە گرنگەکان کە کاردەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بوارانەی کە چارەسەرکراون و لەناو باسەکەدا هەیە ئەویش یارمەتی هەڵسەنگاندنی کێشەکە دەدات بۆ تێگەیشتن لەو لایەنانەی کە خستویەتییەروو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە (محجوب، ٢٠٠٢، ص٤٧).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی، بوارەکانی توێژینەوە لە سێ خاڵدا کورت دەبێتەوە، کە پێویستیەکی گرنگی لێکۆڵینەوەیە، ئەوانیش:

أ – بواری شوێن: مەبەست لە بواری شوێن ناوچە جوگرافییەکەیە، کە توێژینەوەکەی تێدا کراوە.

ب – بواری مرۆیی: دانیشتوانی شاری هەولێرە.


ج – بواری کات: کاتی هەلمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٩/٣٠

**باسی دووەم: خستنەڕووی لایەنی پراکتیکی توێژینەوە:**

لێرەوە ڕوونکردنەوەی تایبەت بە پرسیارە گشتییەکان و زانیارییە تایبەتییەکانی تاک دەخەینە ڕوو :

**١. دابەشکردنی ڕەگەزی تاکی وەرگیراو:**


**وێنەی (١)**




لە وێنەی (١)، نمونەی ئەو تاکانەی وەرگیراون لە توێژینەوەکە بەپێی ڕەگەز دەردەکەوێت لەنمونەی وەرگیراودا ڕێژەی کوڕان دەگاتە (٦٣,٧ %) لە کاتێکدا ڕێژەی کچان دەگاتە (٣٦,٣ %)، لەمەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆرینە بەر کوڕان دەکەوێت لە نمونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە.

**٢. دابەشکردنی باری کۆمەڵایەتی وەرگیراو لە نمونەدا :**

**وێنەی (٢)**





لەوێنەی (٢) نمونەی ئەو تاکانەی وەرگیراون لە توێژینەوەکە دەردەکەوێت، بەپێی باری کۆمەڵایەتی. بەگوێرەی نمونەکە زۆرینەی ڕێژەی بەشداربووان بەر ئەوانە دەکەوێت کە خێزاندارن، ڕێژەیان دەگاتە (٦٩,٤ %) .

**٣. دابەشکردنی ئاستی خوێندنی وەرگیراو لە نمونەدا:**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**وێنەی (٣)**




له وێنەی (٣)، نمونەی تاک بەگوێرەی ئاستی خوێندن دەردەکەوێت، دەبینین زۆرینەی تاکی وەرگیراو له توێژینەوەکە ئەوانەن کەبڕوانامەی پەیمانگایان هەیە، ڕێژەیان دەگاتە (٣٦,٨ %).

**٤. دابەشکردنی تەمەنی وەرگیراو له نمونەدا:**

**وێنەی (٤)**





وێنەی (٤) تەمەنی تاکی وەرگیراو دەستنیشاندەکات، تێبینی ئەوە دەکرێ (%٤٠) ڕێژەی ئەو تاکانەیە، کە تەمەنیان له نێوان (١٨– ٢٨)، وە ئەوانەشی تەمەنیان له نێوان (٢٩ – ٣٩) ڕێژەیان دەگاتە (%٣٨,٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

**٥. دابەشکردنی ئینتمای حزبی وەرگیراو لە نمونەدا:**


**وێنەی (٥)**




وێنەی (٥) ئینتیمای حیزبی بەشداربووان نیشاندەدات، تێبینی دەکرێ کە زۆرینەی بەشداربووان (بێ لایەنن)، ڕێژەکەشیان بریتییە لە (٤٧,٤%).

**٦. پیشەی بەشداربووان:**

**وێنەی (٦)**





وێنەی (٦) پیشەی بەشداربووان پیشاندەدات، زۆربەی تاکەکانی نمونەی وەرگیراو فەرمانبەرن بە ڕێژەی (٤٢,٨ %) وەک لە خشتەکە ڕوونکراوەتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### ٧. دابەشكردنی سەیركردنی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان:


**وێنەی (٧)**




وێنەی (٧) ڕێژەی سەیركردنی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان لەلایەن بەشداربووان دەردەخات، خانەی تاڕادەیەک زۆرینەی وەڵامەكانی بەدەستهێناوە، كە ڕێژەكەی دەگاتە (٦٦,٢%) .

### ٨. دابەشكردنی ڕێژەی سەیركردنی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان:

**وێنەی (٨)**





لەوێنەی (٨) دەبینرێت زۆرینەی بەشداربووان كاتژمێرێک زیاتر سەیری تیڤی دەكەن، كە بریتین لە (٤٥%).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### ٩. دابەشکردنی کاتی سەیر کردنی کەناڵە ئاسمانییەکان:


**وێنەی (٩)**




لەوێنەی (٩) دەبینرێت زۆرینەی بەشداربووان (شەوان) سەیری کەناڵە ئاسمانییەکان دەکەن و زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە (٧٤,٣%).

### ١٠.دابەشکردنی جۆری کەناڵ نیشان دەدات:

**وێنەی (١٠)**





لە وێنەی (١٠) (ڕێژەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) دەبینرێت کە کەناڵە ئەهلییەکان زۆرترین کەناڵن سەیر دەکرێن بە ڕێژەی (٥٤%).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

### ١١.دابەشكردنی جۆری كەناڵ بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن:


وێنەی (١١)




لە وێنەی (١١) دا، ڕێژەی ئەوتاكانە ڕوونكراوەتەوە، كە وەڵامی بەڵێیان هەڵبژاردووە پشت بە كەناڵەكانی پارتی دەسەڵات دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست، كە بریتییە لە (٥٨,٦ %).

### ١٢.پلان و ستراتیجیەتی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن لە كەناڵی ئاسمانی (K24)


وێنەی ژمارە (١٢)




لە پرسیاری (١٢) كە دەڵێت، ئایا كەناڵی ئاسمانی (K24) پلان و ستراتیجیەتی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەیڕەوكردووە؟ وەڵامی زۆرینە بریتییە لە بەڵێ، ڕێژەكەی دەگاتە (٥٦,٦٪) ئەمەش لە ئەنجامی گرنگی دان بە هەڵبژاردەی (ئامادەكرنی بەرنامەی تایبەت).

### ١٣.دابەشكاری بەرنامەكانی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن لە كەناڵی ئاسمانی (K24)


**وێنەی ژمارە (١٣)**




له وێنەی (١٣) دا پرسیاری ئەوە کراوە، ئایا سەیری کام بەرنامەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کەناڵی ئاسمانی (K24) دەکەی، دەبینرێت کە زۆربەی کات سەیرکردنی هەواڵەکان ڕێژەی زۆرینەی وەڵامەکان وەردەگرێت، کە (٥٥,٤٪).

**١٤.هۆکارەکانی سەرنج ڕاکێشانی دەنگدەر بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کەناڵی ئاسمانی (k24)**

**وێنەی (١٤)**





له وێنەی (١٤)دا لە پرسیاری ئەو هۆکارانە چین کە سەرنجی دەنگدەر ڕادەکێشن بۆ سەیرکردنی بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە کەناڵی ئاسمانی (K24)، ئەبینین لە وەڵامەکان خانەی زۆر کات زۆرینەی بەردەکەوێت، چونکە ڕێژەی زۆرینە ئەوەیان (زۆرکات)یان هەڵبژاردووە، کە بوونی ڕاستگۆیی لە گفتوگۆکاندا دەبینرێت و خۆی لە ڕێژەی (٥٦,٨%) دەبینێتەوە.

**١٥. پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵی ئاسمانی (K24) و هاندانی دەنگدەر بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) .**

**وێنەی ژمارە (١٥)**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




لە وێنەی (١٥) وەڵامی پرسیاری ئەوە دەنوێنێت کە دەڵێت بەرای تۆ پەیامی کەناڵی ئاسمانی (K24) لە بەرنامەکانی خۆی هانی دەنگدەر دەدات بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨) بکات، دەبینین کە بەرنامەکانی ناو خەڵک و هەواڵەکان ڕێژەی زۆرینەیان بەر دەکەوێت بە وەڵامی زۆربەی کات پەیامی کەناڵی ناوبراو گەیشتوە، کە ڕێژەی (٤٨,٧%) و (٤٨,٥%) وەک لە وێنەکەدا دیارە.

**دەرئەنجام:**

١- پەیامی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لەگەڵ جەماوەردا کارلێکەریان هەیە و کارلێکەرییەکەش ئەرێنییە.

٢- -پەیوەندی نێوان بابەتەکانی کەناڵی ئاسمانی K24 ی تایبەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەنگدەران پەیوەندییەکی هاوتەریبە هەرچەندە کەناڵی ئاسمانی K24 بەرنامەی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردنی زۆر بوو لەگەڵ ئەوەشدا بینەری زۆر بووە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان.

٣- جیاوازی مەعنەوی لە وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بە گوێرەی بگۆری توخم و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن و تەمەن و ئینتمای حزبی و پیشە بەدیدەکرێت.

**پێشنیاز:**

١- لەکاتی هەلمەتی ڕاگەیاندن ئەو بابەتانەی کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەبنەوە، دەربری بانگەشەی هەڵبژاردن بن.

٢- کارلێکەری زیاتر هەبێت لەنێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی هەڵمەتی ڕاگەیاندن، لەگەڵ جەماوەر.

**ڕاسپاردە بۆ توێژەرانی داهاتوو:** **١-** توێژەران لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پتر بایەخ بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن بدەن، چونکە پەیامی هەڵمەتی ڕاگەیاندن زۆر کاریگەرە لەسەر دەنگدەر. ٢- کردنەوەی سەنتەر و نوسینگەی تایبەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردن و زیاتر و زۆرتر ئەنجامدانی توێژینەوە و کتێب بڵاو کردنەوە لەسەر هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هەڵمەتی هەڵبژاردن.

**سەرچاوەکان: کتێب**

**أ -کتێب بە زمانی کوردی:**

١- بەهزاد حەوێزی، دەستەواژە نوێیەکانی میدیا و پێوەندیپێکردن، چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر، ٢٠١٢.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

٢- جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**ب-كتێب بە زمانی عەرەبی:**

١. حميد جاعد الدليمى، التخطيط الاعلامى، عمان، دار الشروق للنشر ١٩٩٨.
٢. خليفة شحاتة، طرق البحث الاجتماعي، الجماهيرية الليبية : جامعة قاريونس، ١٩٩٢.
٣. راسم محمد الجمال، مقدمة في مناهج البحث في الدراسات الاعلامية، القاهرة، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، ١٩٩٩.
٤. روجير ويمر و جوزيف دومينيك، مقدمة فى اسس البحث العلمى: مناهج البحث العلمى، الاردن، دار ارام للدراسات و النشر والتوزيع، ط٢، ١٩٩٨.
٥. عبدالحافظ عواجي صلوى، نظريات التأثيرات الاعلامية، ١٤٣٣.
٦. فؤاد عبدالمنعم البكرى، التسويق الاجتماعى و تخطيط الحملات الاعلامية. عالم الكتب، القاهرة .
٧. كامل محمد المغربي، اساليب البحث العلمي في العلوم الانسانية والاجتماعية، دار الثقافة، عمان، ٢٠٠٦.
٨. محمد الصاوي محمد مبارك، البحث العلمي، اسسه و طريقة كابته، القاهرة، المكتبة الاكاديمية، ١٩٩٢.
٩. محمد عبد العال، عبدالجبار توفيق، طرق ومناهج البحث العلمي، عمان، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.
١٠. محمد منير حجاب، أساليب البحوث الاعلامية والاجتماعية، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢ .
١١. محمد منير حجاب، المعجم الاعلامي، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤.
١٢. مصطفى حميد كاظم الطائي، الفنون الاذاعية والتلفزيونية، الاسكندرية، دار الوفاء للطباعة والنشر، ٢٠٠٧.
١٣. مصطفي يوسف كافي، الاعلام التفاعلي، دار الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦ .
١٤. مهدى حسن زويلف، احمد القطامين، العلاقات العامة النظرية والاساليب، عمان: دار الحنين والتوزيع، ١٩٩٤.
١٥. وجية محجوب، البحث العلمي ومناهجة، بغداد، دار الحكمة للطباعة، ٢٠٠٢.

**ج-كتێب بە زمانی ئینگلیزی:**

١-Bimber، B. & Davis، R. (2003). *Campaigning Online: The Internet in U.S. Elections.* Oxford: Oxford University Press.

٢-Noelle – Neumann، E. (1993). *The Spiral of Silence* (2nd ed.). Chicago: Chicago University Press.

٣-Wu، G. (1999). Perceived interactivity and attitude toward Websites. In Roberts، M.(ed.) *Proceedings of the 1999 Conference of the American Academy of Advertising*، Gainesville. (pp. 254- 262)، FL: University of Florida.

**د- توێژینەوەی كوردی:**

١- فؤاد علی احمد: ڕۆڵی ئامراز و شێوازەكانی پەیوەندیكردن لە كاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا، (هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ٢٠١٨ /٥/١٢ وەک نمونە).

**ه- توێژینەوەی عەرەبی:**

١- احمد على محمد عريقات، دور التلفزيون الاردنى في توعية الشباب اثناء الانتخابات البرلمانية عام ٢٠٠٧، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى قسم الاعلام، كلية العلوم الانسانية، جامعة الشرق الاوسط، عمان، ٢٠٠٨.
٢- أمانى السيد فهمى، الاتجاهات العالمية الحديثة لنظريات التأثير في الراديو و التلفزيون. المجلة المصرية لبحوث الاعلام. العدد السادس، اكتوبر / ديسمبر ١٩٩٩.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

٣- حميد جاعد دليمى، الحملات الاعلامية التظور والمفهوم، الباحث الاعلامي، مجلة فصلية علمية محكمة تصدر عن كلية الاعلام، جامعة بغداد : العدد الاول..
٤- فانت عبدالفتاح محمد العبهرى: دور الاتصال الشخصي في الحملة الاعلامية لمنظمة اليونيسيف، دراسة غير منشورة، كلية الاعلام، جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١١.
٥- محسن عبود كشكول، أساليب الدعائي في الحملات الانتخابية، دراسة تحليلية في الصحف (الاتحاد، بغداد، البيان، دار السلام) اثناء انتخابات النواب العراقي لعام ٢٠١٠، اطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة الى كلية الاعلام، جامعة بغداد، ٢٠١٢ .

**و- توێژینەوەی بیانی:**

١. Chen، K. (2011). A test of the spiral of silence theory on young adults' use of social networking sites for political purposes. (MA thesis). Graduate Theses and Dissertations. Digital Respiratory: Iowa State University. Retrieved on 6 June 2019 from:
https://www.academia.edu/22029802/A_test_of_the_spiral_of_silence_theory_on_young_adults_use_of_social_networking_sites_for_political_purposes
٢. Druckman، J. N.، & Parkin، M. (2005). The impact of media bias: How editorial slant affects
٣. voters. Journal of Politics، ٦٧،، ١٠٤٩–١٠٣٠.
٤. Liu-٣، X. &. Fahmy، S. (2011) Exploring the Spiral of Silence in the Virtual World: Individuals` Willingness to express personal opinionS in online versus offline settings. Journal of Media and Communication Studies، ٣(٢)، ٤٥-٥٧.
٥. Matthes-٤، J.، Error! Hyperlink reference not valid.، K. & Error! Hyperlink reference not valid.، C. (2010). A Spiral of Silence for Some: Attitude Certainty and the Expression of Political 5Minority Opinions. Communication Research، ٣٧(٦)، ٢٠١٠. Retrieved 6، May 2019 from:
https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/0093650210362685
٦. McTigue، J. (2013). Static، Dynamic and Interactive Content: Pros and Cons. Accessed Online on 28 April 2019 from:
٧. https://www.business2community.com/content-marketing/static-dynamic-interactive-content-pros-cons-0694379
٨. Neill-٧، A. (2009). The Alternate Channel: How Social Media is Challenging the Spiral of Silence Theory in GLBT Communities of Color. (Unpublished MA thesis). American University: Washington. Retrived on 21 May 2019 from:
https://pdfs.semanticscholar.org/61c8/16b28473c57494e2c9c86c800fc47bb40551.pdf

٩. Noelle – Neumann ،٨-E. (1991). The Theory of Public Opinion: The Concept of the Spiral of silence. In Anderson, A. (ed.) Communication Yearbook، ٢٥٦-287. Thousand Oaks: Sage.
١٠. Poirier ،٩-G. (2015). The Advantages of Online Campaining، Chron. Accessed online on 8 June 2019 from:،
١١. https://smallbusiness.chron.com/advantages-online-campaigning-27595.html
١٢. Oh ،١٠-W.Y. (2011). Willingness to Speak Out: Comparison Between Online versus Offline Communication. World Association for Public Opinion Research، ٦٤th annual conference: Amsterdam. ٢١-٢٣.
١٣. Taylor ،١١-D. G. (1982). Pluralistic Ignorance and the Spiral of Silence: Public Opinion. Quartely، ٤٦، ٣١١-٣٥٥.

**و- المقالات والمحاضرات:**

١- العبيد، ورقة بحثية لاستكمال متطلبات مادة الحملات الاعلامية، ٢٠١٥.
٢- الغزاوي، الحملات الاعلامية فن مخاطبة الجمهور، ٢٠١٣، مقالة منشورة على مركز الشرق العربي للدراسات الاستراتيجية والحضارة / لندن، متوفرة على : HTTP://WWW:asharqalarabi.org.uk

**الملخص:**

منذ صبيحة التاريخ أدرک الانسان أهمية الإعلان عن طريق وسائل الاتصال بغية الوصول الى الجمهور وإقناعهم، ويعد الخطابة والحوار ذو الاتجاهين والعلني، أو الكتابة(المقال المكتوب) من أقدم وسائل الإعلان المستخدمة في سياق الإعلان السياسي والديني، لذا أصبح الإعلان في هذا العصر من الحملات الإعلامية الرئيسية ويستخدم كمفهوم حديث في وسائل الاعلام، بغية اعلام الجمهور وتوجيههم نحو اتخاذ موقف معين.

ففي البداية تكرر هذا المصطلح نتيجة للخلط أو التداخل الاعلام مع الأقسام الإنسانية والعلمية الأخرى: مثل حملات التوعية الصحية، حملة التوعية الاجتماعية، استخدام معنى الحملة في المجال السياسي في أوقات الانتخابات في أجواء ديمقراطية...الخ أما في العصر الحالي أصبحت الحملات الانتخابية علماً مستقلاً قائماً بذاته، من خلال إجراء البحوث وكتابة ونشر الكتب في هذا المجال. تعد هذه الدراسة من الدراسات المسحية، تهدف فيها الباحثة توضيح أو إظهار تأثير رسائل الحملات الإعلامية بين الناخبين خصوصاً في انتخابات المجلس الوطني الكوردستاني (٢٠١٨/٩/٣٠) بين جمهور مدينة أربيل وقد أتخذ فضائية K24 كعينة للدراسة. تتكون الدراسة من ثلاثة فصول: تم تخصيص الفصل الأول لمنهجية الدراسة ومصطلحاتها. أما الفصل الثاني تناول تأثير ورسائل الإعلام والفصل الثالث شمل الجانب العملي والميداني للدراسة.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## Abstract

Individuals have realised the importance of campaign through the way of available communication tools long before، which aimed to reach people and obtaining their approval.

Discourse and shared debate، direct or written form، are considered as the two main tools of campaign which have been employed effectively in political and religious advertisements for a long period. Therefore، the advertisement has become another way of election campaigns and has been considered as a new notion in media tools recently. This could be used for the purpose of informing people and directing them in order to obtain certain behaviors.

At the beginning، this term has been used constantly as a result of involving media with other human and scientific fields، including health and social awareness campaigns or using the term of campaign in political field during the elections in a democratic context….etc. Today the campaign of elections has become an independent science and the field has been developed by conducting research and issuing books.

This study aims to investigate the impact of media campaign messages on the voters in parliament election of (30th September، 2019) in Hawler city where K24 channel is targeted as an example. It consists of three basic parts. The first part indicates the research methods and identifying the concepts. The second part involves the interaction of media campaign messages and the last part is the practical part of the research.

The researcher recommends that the media campaign messages need to be engaged as an effective media tool in the future elections and presented in a scientific way since they have obvious impact on voters.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019